کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
هەولێر، عێراق

بڵاوکراوەی راگەیاندن
2013-1-29
هەولێر
بڵاکردنەوەی دەستبەجێ

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پابەندە بەیارمەتیدانی ئاوارەکانی سوریاوە

لەکاتی سەردانیکردنی ئاوارەکانی سوریا لەکەمپی دۆمیز لە پارێزگای دهۆک لەهەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕێکەوتی 29-1-2013 پۆڵ سەتفین کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دوپاتی پابەندی بەردەوامی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی سوریای لە عێراق کردەوە. وەفدی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا سەردانی کەمپەکەیان کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بارودۆخی گوزەرانی زیاتر لە 35,000 ئاوارەی سوریا ببینن کەوا ئێستا لە کەمپەکەدا دەژین. هەروەها سەتفین لەگەڵ سۆکۆڵ کۆندی , بەڕێوەبەری نوسینگەی هەولێری تیمی هاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق(یۆنامی) و بوشرا هالیپۆتا, بەڕێوەبەری نوسینگەی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای ئاوارەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبوەوەو دەستخۆشی لە هەوڵەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ دابینکردنی ئاسایش و خواردن و پەناگە بۆ ئاوارەکانی سوریا لە سەرانسەری عێراقدا.

کونسوڵی گشتی سەتفین ئاماژەی بەوەدا کەوا ویلایەتە یەکگرتوەکان کۆمەکی گەورە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی سوریا لە عێراق پێشکەش دەکات. تاوەکو ئەمڕۆ حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بایی365 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی هاوکاری دابین کردوە بە کۆمەککردنی کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای ئاوارەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و یونیسێف و پرۆگرامی خۆراکی جیهانی بۆ هاوکاریکردنی ئەوانەی لەناوەوەی سوریا لە بارودۆخی خراپدان وەهەروەها بۆ ئاوارەکانی سوریا لە عێراق و وڵاتانی تری دراوسێ. ویلایەتە یەکگرتوەکان کۆمەک پێشکەش دەکات بۆ هاوکاریکردن لەڕوی خۆراک, کەرەستەی تەندروستی, خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی و فریاگوزاری, کەرەستەی شوێنی حەوانەوە, ئاوی پاک, کەرەستەو پاکو خاوێنی پەروەردەیی و کەلوپەلی تری هاوکاری وەکو بەتانی و گەرم کەرەوە بۆیارمەتیدانی ئەوانەی کاریگەری کێشەکانی سوریایان لەسەرە دابین دەکات بەم هاوکاریە پێویستە ناخۆراکیەی ئێستاشەوە لەلایەن کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکاوە لە هەولێر دابین کراوە.

بەرپرسانی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا چاودێری بارودۆخی کەمپەکەیان کرد و, چاویان بەو ئاوارانە کەوت کە راوبۆچونی خۆیان لەگەڵ وەفدەکە ئاڵوگۆڕ کرد. کورتەیەکیان لەسەر پرۆسەی پەنابەری پێشکەشکراو سەردانی بنکەی تەندروستی کەمپەکەو قوتابخانەکانیان کردو کورتەیەکیان لەسەر ژمارەیەک چالاکی کۆمەککراو لەلایەن حکومەتی ئەمریکاوە پێگەیشت بە بەرنامە سەرکەوتوەکەی کۆبۆنی خۆراکی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی. وەفدەکەی کونسوڵخانەی ئەمریکا هەوەها چاویان بە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان کەوت لەکەمپەکەدا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ڕێگاکانی باشترکردنی بارودۆخی مرۆیی.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە نوسینگەی ڕاگەیاندنی کونسولخانەی گشتی ئەمریکاوە بکەن لە ڕێی07704431653

###